مافە سەرەتاییەکانی میدیاکاری وەرزشی

زاگرۆس نانەکەلی

پێشکەوتنی وڵات پێشکەوتنی هەموو لایەنەکانی ژیانە، ئینجا دەکرێت بڵێین ئێمە پێشکەوتنمان بەخۆوە بینیوە، میدیاکارانی وەرزشی کوردستانیش وەکو توێژێکی کاریگەری نێو کۆمەڵگای کوردی دەتوانین بڵێین تا رادەیەک گۆمی خۆیان شلەقاندووە و توانیویانە ئەم بوارە کەمێک پێشبخەن و شەقامی وەرزشی کوردی بۆ خۆیان کێش بکەن،جگە لە مافی گشتی مرۆڤ،تێکڕایی چین وتوێژەکانی تری کۆمەڵگا بۆ بەڕێوەبردن و خۆشگوزەرانی چەندین ماف و یاسا هەیە دەیان گرێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی کار و ژیانیان،بۆیە یەکێک لەتوێژە کاریگەرەکان میدیاکارانی وەرزشییە،راستە ئێمە تاکو ئێستا هیچ یاسا و ڕێنماییەکی میدیاکارانی وەرزشی ناگرێتەوە هۆکارەکەشی نەبووینە ئەندام لە (ئیپس)، کەواتە پێویستە هەنگاوی بوون بە ئەندام بهاوێژین ئینجا کار بۆ نووسینەوەی یاسای میدیاکارانی وەرزشی بکەین،ئەمەش وەکو سەرەتایەک کە دیدی خۆمە بۆ مافەکانی میدیاکارانی وەرزشی.

مافە سەرەتاییەکانی میدیاکارانی وەرزشی بەم شێوەیە:

-1ژیان وکەسایەتیان لەگەڵ پیشەکەیان پارێزراوبێت.

× ژیانی خۆی وخانەوادەی پارێزراوبێت .

× ڕێز لە پیشەکەی بگیرێت و سەرزەنشت نەکرێت.

-2ڕێکخراوێک یان کۆمەڵە یان یەکێتییەکی میدیای وەرزشیان هەبێت هەموویان لەژێر یەک چەتر کۆبکاتوە

× ئەم یەکێتی میدیای وەرزشییە دەبێت هەوڵ بدات میدیاکارانی وەرزشی کوردستان بەرەو ئیپس کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی جیهانی هەنگاو بنێن.

× ئەندامەکان بە پێوەر و خالبەندی ناسنامەی خۆیان بۆ دەربکەن کە میدیای وەرزشییە

× ئینجا جۆری کارەکەیان وەکو میدیای وەرزشی دیاری بکرێت بە نموونە (پەیامنێر، کۆمێنتار، بێژەر، ئامادەکار، فۆتۆگرافەر، تاد).

-3گەر بکرێت بۆ ئایندە کۆمەڵگا یان شارێک بەناوی (شاری میدیاکارانی وەرزشی) بۆ نیشتەجێ بوونیان دروست بکرێت.

×ئەم پرۆژەیە شار وشارۆچکەکانی کوردستان بگرێتەوە.

× ئەم پرۆژەیە تەنها بۆ میدیاکارانی وەرزشی بێت.

× ئەم پرۆژەیە خانەوادەی میدیاکارانی وەرزشی شەهید وکۆچکردوو بگرێتەوە.

-4تا ئێستا (**(15**شەهید وکۆچکردوی میدیاکاری وەرزشیمان هەیە،شارەوانی پارێزگا کانی کوردستان دەتوانن،وەکو رێزلێنانێک بۆ ئەمانە وخانەوادەکەیان (هۆڵ، یاریگا، چوار ریان، شوێنی گشتی) بەناویان بکەن، یاخود پرۆژەیەکی وەکو دروستکردنی چەند پەیکەرێک بۆ میدیاکارانی شەهید وکۆچکردوو و هەروەها پلانی ناونان لە شەقام وشوێنی گشتی وباخچەکان بەنێوی شەهید و کۆچکردوانی میدیاکارانی وەرزشی کوردستان

-5خانەنشین بۆ میدیاکارانی وەرزشی، وەکو توێژێکی کاریگەر پێویستە ئەو میدیاکارانەی دەچنە تەمەنەوە توانای کارکردنیان نەماوە، خانەنشین بکرێن وموچەیان بۆ ببڕێتەوە.

× ساڵانەش یادکردنەوە و دیمانەو رێزلێنانیان بۆ بکرێت.

× خول و وۆرک شۆپیان بۆ بکرێتەوە تا گەنجانی میدیاکاری وەرزشی دەوڵەمەند بکەن بە ئەزموون وزانیارییەکانیان..

کەواتە وەکو مافێکی سەرەتایی میدیاکارانی وەرزشی کوردستان دەتوانین ئەم خاڵانە بخەینە بەر دیدی خوێنەران وشەقامی وەرزشی و میدیاکارانی وەرزشی کوردستان تا لە ئایندە لە گفتارەوە هەنگاوی رەفتار بنێین.

h: umed ibrahim

ئەمڕۆ خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستاندا:

هەولێر دەبێتە میوانی زێرەڤانی، برایەتیش پێشوازی لەگازی باکوور دەکات سبەی کەرکووک و هەندرێن ڕووبەڕووی یەکتردەبنەوە

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

ئەمڕۆ پێنجشەممە لەگەڕی هەشتەمی یارییەکانی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان چەند یارییەک لەیاریگاکانی کوردستان ئەنجام دەدرێت، لەوانە لەشاری کەرکوک ، هەردوو یانەی گازی باکوور و برایەتی بەیەکدەگەن، ئەو یارییە بۆگازی باکوور تارادەیەکی زۆر گرینگە، بەتایبەتی گازی باکوور ئێستا بە 9خاڵ لەپلەی چوارەمی کۆمەڵەکەیە و دەیەوێت بەهەر نرخێک بێت لەیارییەکە بردنەوە تۆمار بکات و چەند هەنگاوێک بەرەو پێش بروات، لەبەرانبەردا برایەتی ئێستا خاوەنی 10خاڵە و لەپلەی دووەمدایە، بۆیە برایەتی لەکاتی بردنەوەی لەگازی باکوور بێگومان هەنگاو بۆ پلەی یەکەم دەهاوێژێت لەکاتێکدا ئەگەر نەورۆز لەگەڵ دهۆک تووشی دۆراندن بێت.

هەروەها هەر لەهەمان کۆمەڵەی یەکەمدا دهۆک لەنێو یاریگای خۆی پێشوازی لەنەورۆز دەکات، یانەی دهۆک ئەم وەرزە بەئاستێکی باش نابیندرێن، بۆیە یارییەکە تارادەیەک بۆ نەورۆز ئاسانترە، ئەمڕۆ یانەی نەورۆز بەهەر جۆرێک بێت نایەوێت لەو یارییەدا خاڵ لەدەست بدات، چونکە بردنەوەی نەورۆز لەدهۆک پێشەنگی خۆی لەڕیزبەندەکە قایمتر دەکات.

لەلایەکی دیکەوە لەشاری دهۆک، یانەی زێرەڤانی پێشوازی لەیانەی هەولێر دەکات، هەردوو یانە چاویان بڕیوەتە 3خاڵی یارییەکە و ئەوەی ئاستێکی باش لەیارییەکە پێشکەش بکات بێگومان ئەو براوەی یارییەکە دەبێت، ئەگەرچی ئەم یارییە بۆ هەولێر زۆر قورس و بەهێز نییە، بەهۆی ئاست نزمی یانەی زێرەڤانی لەوەرزی ئەمساڵی خولەکەدا، بۆیە هەولێر بەجددی دەبێت هەوڵی بردنەوەی یارییەکە بدات و 3خاڵی گرینگ بخاتە سەر خاڵەکانی خۆی، کەئێستا یانەی هەولێر بە 9 خاڵ لەپلەی پێنجەمدا دەبیندرێت، بەپێچەوانەوە زێرەڤانی لەنێو خاکی خۆیدا هەوڵێکی لاواز دەدات بۆ ئەوەی لەهەولێر بباتەوە، ئەگەرچی ئەو یانەیە بەراهێنەرێکی تازەوە بەرەنگاری یانەی هەولێر دەبێتەوە.

هەروەها لەیارییەکانی دیکەی خولی کوردستان سبەی هەینی هەر یەک لەیانەکانی کەرکوک و شێروانە ڕووبەڕووی یانەکانی هندرێن و گارە دبنەوە، بردنەوەی هەر یانەیەک لەخولەکەدا گۆڕانکاری لەڕیزبەندی خولەکە بەشێوەیەکی خێرا ئەنجام دەدرێت.

لەلایەکی دیکەوە سبەی هەینی لەشاری زاخۆ، یانەی زاخۆ پێشوازی لەیانەی ئارارات دەکات، هەردوو یانە 9خاڵیان هەیە و بەجیاوازی گۆڵ ئارارات پلەی دووەمی ڕیزبەندەی گرتووە و زاخۆش لەپلەی سێیەمدایە، بۆیە واپێشبینی دەکرێت یارییەکە تاراردەیەکی زۆر بەهێز بێت و هەردوولا بەپلانی هێرشبردن یاری بکەن

ئەمڕۆ کچانی سیروانی نوێ بۆ تاقیکردنەوە دەچنە بەغدا

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

بەمەبەستی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی یاریزانانی گۆڕەپان ومەیدانی هەڵبژاردەی عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە لەشاری بەغدا تاقیکردنەوەی و هەڵبژاردن بۆ یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق لەیاری گۆڕەپان ومەیدان ئەنجام دەدرێت، هەر یەک لەکچە یاریزانانی سیروانی نوێ (دڵسۆز عوبێد، ئەسما سەفدەر، زینەب حەسەن، ڕێناز سەعید) بەشداری تاقیکردنەوەکە دەکەن.

لەمبارەیەوە دکتۆر سیروان حامید راهێنەری کچانی گۆڕەپان ومەیدانی سیروانی نوێ بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: بێگومان رۆژی هەینی لەشاری بەغدا بەچوار یاریزانی یانەکەمانەوە ئامادەی تاقیکردنەوەی یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق دەبێن بەمەبەستی هەڵبژاردنیان بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی گۆڕەپان ومەیدانی عێراق.

گوتیشی: ئەو یاریزانانەی بەشداری تاقیکردنەوەکە دەکەن هەریەکەو لەچالاکییەک بەشداری دەکات، لەوانە دڵسۆز عوبێد 100مەتر بەربەست، ئەسما سەفدەر 6کم ڕۆیشتن، زەینەب حەسەن یەک باز و سێ باز، ڕێناز سەعید راکردنی ماوە درێژ.

واپێشبینی دەکرێت هەر چوار کچە یاریزانی سیروانی نوێ لەتاقیکردنەوەکەدا ئەنجامێکی باش و ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و لەپێشبڕکێکاندا ئەنجامی بەرز بەناوی هەڵبژاردەی عێراق تۆمار بکەن.

فاتح حەمە خان: پێکانی یاریزانەکانمان کاریگەر دەبێت

عەبدوللا مەحمود: کێشەکانی یاریی ڕابردوومان لە بیر کردووە

ڕاپۆرت: بارزان ئەکرەم

ڕۆژی پێنج شەممە لە یارییەکانی قۆناغی دووەم لە گەڕی نۆیەم ولە کۆمەڵەی یەکەمی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان یانەی گازی باکوور میوانداری یانەی برایەتی دەکات هەردوو ڕاهێنەر بەم شێوەیە بۆ خەبات دوان. فاتح حەمەخان ڕاهێنەری برایەتی گوتی: بۆ یارییەکە ئامادەین هیچ گرفتێکمان نییە ولە بارودۆخێکی باشداین وبەڵام دوو یاریزانی سەرکیمان پێکانیان هەیە، ئەوانیش سەفین مەنسور و ڕێبوار نەجمەدین وپێموایە کاریگەری تەوەایان بەسەر ئاستی یانەکەمان دەبێت، تاکە گرفت هەمان بێ چیمەنی یاریگای یانەی گازە وچونکە لەگەڵ شێوازی یاریی کردنی ئێمە ناگونجێت، دەبێ یاریزانەکانمان ئاگادار بن وچونکە هەر یارییەک هاوشێوەی یاریی کۆتایەو، بۆیە دەبێت زۆر وریابن ولە وەڵامدا عەبدوللا مەحمودی ڕاهێنەری یانەی گاز گوتی: یانەکەمان بەتەوای بۆ یارییەکە ئامادەیە، هیچ کێشەیەکمان نییە چەندین یاریی دۆستانەمان ئەنجام داوە وەک ئامادەکارییەک بۆ قۆناغی دووەم وە ئەو کێشانەی کە لە یاریی یەکەم ڕوویاندا لە بیرمان کردوون، کێ باشتربوو لە یارییەکە با ببێتە براوەی یارییەکە و پیرۆزبای لێدەکەم ولە ڕاهێنانەکانیشدا کارمان لەسەر خاڵە بەهێز و لاوەزەکانی برایەتی کردووەو هیوادارشیم یاریزانەکان لە ڕۆژی خۆیاندابن وبتوانن سێ خاڵی گرینگی یارییەکە بەدەست بێنن و سود لە یاریگای خۆمان وەربگرین ولە ئێستادا برایەتی لە کۆمەڵەی یەکەم لەپلەی دووەم دێت بە کۆکردنەوەی 10خاڵ و گازی باکوریش بە 9خاڵ لە پلەی چوارەم دێن وبەڵام گاز یاریەکی کەمتر ئەنجامداوە.